# بەختیار عەلی
# بۆ دوو کۆڕ دەچێتە ئیتاڵیا

■ ئا: سیروان عەباس

دوای ئەوەی ڕۆمانی "دواهەمین هەناری دونیا"ی ڕۆماننووسی کورد بەختیار عەلی بە زمانی ئیتاڵی چاپ و بڵاوکرایەوە، بانگهێشتی ئەو وڵاتە کراوە بە مەبەستی سازکردنی دوو کۆڕی ئەدەبی لەسەر ڕۆمانەکە.

خەسرەو حەمەکەریم کە کەسێکی نزیکی بەختیار عەلییە، بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕۆژی 12ی ئادار، لەژێر ناونیشانی (بەختیار عەلی، نووسەرە خۆشەویستەکەی کوردان و ناسراوترین نووسەری ڕۆژهەڵاتی ناوین لە ئەوروپا) دوو کۆڕی ئەدەبی لە شاری میلانۆ و تۆرینۆ ساز دەکرێ و بەختیار تێیدا باس لە ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیا بۆ ئیتاڵییەکان دەکات". هەروەها لە 15ی ئاداریش لە پێشانگای نێودەوڵەتی لایبزیگ لە ئەڵمانیا، دوو کۆڕی ئەدەبی ساز دەکات.

دوای وەرگێڕانی ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیا و شاری مۆسیقارە سپییەکان بۆ زمانی ئەڵمانی و ڕۆمانی غەزەلنووس و باخەکانی خەیاڵ بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و دەنگدانەوەی تێکستەکان لەناو ناوەندە ڕۆشنبیری و فیکرییەکانی ئەو وڵاتانە، بەختیار عەلی لە ڕۆژی 10/12/2017 خەڵاتی نیلی زاکسی ئەدەبی لە ئەڵمانیا پێ بەخشرا.

بەختیار لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا زیاد لە 70 کۆڕی لە وڵاتانی ئەڵمانیا، نەمسا، سویسرا، ئۆکرانیا، بەریتانیا و چیک بۆ گێڕدراوە، بە گوتەی خەسرەو حەمەکەریم، ئەمساڵ ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیا بە فەرەنسی و ساڵی داهاتووش بە ئینگلیزی چاپ و بڵاودەکرێتەوە.



# (کچی یوتیوب) دەکرێتە کوردی

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ڕۆمانی (کچی یوتیوب) کە لە نووسینی عەبدوڵلا ناسر داود،، ڕۆماننووسی سعودییە، لەلایەن هەڵکەوت عەبدوڵلا، نووسەر و وەرگێڕی کورد، بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدرا. ڕۆمانەکە تیشک دەخاتە سەر ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانەی کە بەهۆی خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، دروست دەبن.


هەڵکەوت عەبدوڵلا، بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند «من کار لەسەر بابەتی ڕۆژ دەکەم، ئەم بەرهەمەش کە وەرمگێڕاوە تیشک دەخاتە سەر تەشقەڵەکردن بە کچان لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە».

گوتیشی: «ڕۆمانەکە باس لەو دیاردەیە لە وڵاتانی کەنداو دەکات، بەڵام هەمان دیاردە و کێشە لە کوردستانیش هەیە، بۆیە بۆ خوێنەری کوردیش گرنگە».

ئەم بەرهەمە ئەدەبییە لە (160) لاپەڕە پێکهاتووە و بە تیراژی (500) دانە لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپ و بڵاوکراوەتەوە و وەرگێڕ خۆی دیزاینی ناوەوە و دەرەوەی بۆ کتێبەکە کردووە.

هەڵکەوت عەبدوڵلا هەروەها گوتی: «ڕۆمانەکە زیاتر بۆ ئەو کەسانەیە کە تەمەنیان لە نێوان 18 تاوەکو 22 ساڵە، تێیدا نووسەر لەڕێگەی چیرۆکەکەوە ئەوە دەخاتەڕوو کە کاتێک کچێک لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دووچاری کێشەیەکی لەمجۆرە دەبێتەوە، چۆن چارەسەری دەکات».

هەڵکەوت عەبدوڵلا، ساڵی 1956 لەدایکبووە، خاوەنی زیاتر لە 20 کتێبی وەرگێڕدراو و نووسراوە لە بوارەکانی دیموکراسی، کۆمەڵگەی مەدەنی، زانستی سیاسی، جیۆپۆڵەتیک و منداڵان.







# دانا ڕەئووف
# شانۆیی (من و تۆ لەگەڵ بادا) بڵاودەکاتەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

(من و تۆ لەگەڵ بادا)، نوێترین دەقی شانۆیی دانا ڕەئووف، شانۆنامەنووسی کوردە و بڕیارە لە 27ی ئەم مانگە لە ڕۆژی جیهانیی شانۆدا بڵاوبکرێتەوە.

دانا ڕەئووف، بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "(من و تۆ لەگەڵ بادا) دەقێکی شانۆییە کە لە سێ بەش پێکهاتووە، لە دووتوویی کتێبێکدا چاپکراوە و لە 27ی ئەم مانگە کە دەکاتە ڕۆژی جیهانیی شانۆ، بڵاودەکرێتەوە.

لەبارەی دەقەکەشەوە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هەرسێ بەشەکەی بە ماوەیەکی کورت و لە قۆناغێکی هەستیاری ژیانیدا نووسراون، هەر سێ بەشەکەش یەکدی تەواو دەکەن و پێکەوە چیرۆکی ژیانی پیاو و ژنێک، لە ماوەی چل ساڵی تەمەنیاندا دەگێڕنەوە.

دانا ڕەئووف گوتیشی کە هەردوو کارەکتەرەکان، هەمان کەسن لە هەر سێ بەشەکەدا، بەڵام لە قۆناغی جیاوازی تەمەنیاندا، لە گەنجییەوە تا دەگاتە تەمەنی سەرووی 60 ساڵی "دەقەکە گەشتێکە لە کۆتایی تەمەنەوە بۆ سەرەتاکانی ژیان و جارێکی دیکە گەڕانەوە بۆ کۆتاییەکان".

ڕۆمانەکە نزیکەی (100) لاپەڕەیە و لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

دانا ڕەئووف، لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە لە سوێد دەژی و تا ئێستا 25 کتێبی بڵاوکردووەتەوە کە سێیان بە زمانی سوێدی نووسراون.







# دانێڵ ستیل

## ئەو ژنەی هەمووان دەیخوێننەوە

نووری بێخاڵی



ژنە ڕۆماننووسی ئەمریکی دانیێل ستیل، ساڵی 1947 لە نیویۆرک لەدایک بووە. ساڵی 1965 هاوسەرگیری کردووە و ساڵی 1972 جیابوونەتەوە، دوای ئەوە، چوار جاری دیکە شووی کردووەتەوە، بەڵام هەموو ئەزموونەکانی هاوسەرگیریی شکستیان هێناوە کە دواترینیان ساڵی 2002 بووە و بەرهەمی ئەم هاوسەرگیرییانەشی نۆ منداڵ بوون.

ستیل کە یەکەم ڕۆمانی خۆی لە ساڵی 1972 بەناونیشانی (گۆینگ هۆم) نووسیوە، دیوانێکی شیعری بە ناونیشانی (چامەکانی خۆشەویستی) و زنجیرەیەک کتێبی منداڵان و چەند کتێبێکی دیکەی ئەدەبی خەیاڵی و بایۆگرافیشی چاپ و بڵاو کردوونەتەوە.

ئەم ژنە نووسەرە خاوەنی زیاتر لە 100 ڕۆمانە کە وەرگێڕدراونەتە سەر نزیکەی 30 زمان و تا ئێستا زیاتر لە 800 ملیۆن دانەیان لێ فرۆشراوە. بەمەش دەبێتە یەکێک لەو هەشت نووسەرە جیهانییانەی کە لە مێژوودا زۆرترین بەرهەمیان فرۆشراوە، هەربۆیە ناوی چووەتە ناو کتێبی گینیس بۆ ژمارە پێوانەییەکان. جگە لەوە، زیاتر لە 28 ڕۆمانی کراونەتە درامای تەلەفزیۆنی و فیلمی سینەمایی.

*

### سادەنووسی وەک خوێنەر خستنە تەڵەوە!

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی ئەمریکی، تێکەڵکردنی ڕووداوە ڕاستەقینەکانی ژیان و کەسایەتییە خەیاڵییەکانە کە ستیل یەکێکە لەو نووسەرانەی بەم تایبەتمەندییە دەناسرێتەوە. پەنابردن بۆ ڕەگەزەکانی وروژاندن، ئاوێتەکردنی خەیاڵ و واقیع، گاڵتەجاڕی و ڕژدی، تراژیدیا و کۆمیدیا کە بە هۆیەوە بەرهەمێکی جادووگەرانە دێننە ئارا، وا لە خوێنەر دەکەن لەنێوان واقیعی ڕووداوەکان و کەسایەتییە خەیاڵییەکاندا تێبمێنن و بۆیان لە یەکتری جیانەکرێتەوە. بە جۆرێک، خوێنەر وا لێدەکەن هەست نەکات کامە بەشی چیرۆک و ڕووداو و گێڕانەوەکان ڕاستەقینە و کامەیان بەرهەمی خەیاڵ و فانتازیای نووسەرن.

پرسیاری زۆر لەبارەی نهێنیی بەجیهانیبوونی ئەو ژنە نووسەرە و بەرهەمەکانی دەکرێ کە لە ڕاستیدا نهێنییەکە بریتییە لە سادەنووسی و گێڕانەوەی ڕووداوەکان بەبێ گرێوگۆڵ و ئاڵۆزی. ئەو کە لە ڕۆمانەکانیدا کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و سۆزداری کردووەتە تەوەری سەرەکی، سەرنجی خوێنەرەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، ئەوە بۆیە لە بەرگی دواوەی هەموو ڕۆمانەکانی دەنووسرێ "هەمووان دانیێل ستیل دەخوێننەوە".

ئەو چیرۆک و ڕووداوانەی ستیل کاری لەسەر کردوون، هەڵقوڵاوی ناو ژیانی کۆمەڵگاکەین، کێشەی مرۆڤە سادە و ساکارەکان، گرفتی کەسە پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگا کە لە زۆریاندا کۆتاییەکی دڵخۆشکەر هەیە، لەوانەشدا کە کۆتاییەکانیان بە ناخۆشی، یان جۆرێک لە تراژیدیا دێت، لە میانی قووڵبوونەوە لەناو وردەکارییەکانی چیرۆک و ڕووداوەکاندا، بە زمانێکی سەرنجڕاکێش و گێڕانەوەی ورد، خوێنەر لەگەڵ خۆی دەبات و بە شوێنکاتی جیاواز و ڕاستگۆیی هەستە مرۆییەکان ئاشنای دەکات و وای لێدەکات هەست بە نائومێدی و بێهوودەیی نەکات.

*

### ستیل لە گۆشەی 10 پرسیاری (تایم) دا!

گۆڤاری بەناوبانگی (تایم) لە میانی دیدارێکی خێرادا، ستیل دەخاتە ناو سێرەی گۆشەی (10 پرسیار) کە بڕێک لە تینوێتی خوێنەران بۆ ئاشنابوون بە پەنهانەکانی ڕۆماننووس، لە گوشراوی وەڵامە پوختەکانی دەشکێنێ و هەوڵ دەدەین چەند گۆشەیەکی بچووکی بەشێک لە پرسیار و وەڵامەکان وەربگرین.

ئاسان نییە کەسێک دوای خۆکوشتنی جگەرگۆشەیەکی و ئەو هەموو شکستە کۆمەڵایەتییانە، کەچی بە باوەڕبوونێکی سەیر بە خود، بڵێ: "نەخۆشیی کوڕەکەم بەشێکی گەورەی لە ژیانی من برد، کاتێکیش کە مرد، بیرم کردەوە و بڕیارم دا لەسەر نووسین و داهێنان بەردەوام بم و بەهۆی ئەوەوە ڕەوتی ژیانم نەوەستێنم". ستیل هەر لە درێژەی ئەو قسانەدا گوتبووی: "دەمەوێ 100 ڕۆمانی دیکە بنووسم، چونکە هیچ بێهوودەییەک لەگەڵ ژیاندا نییە و هیچ ژیانێکیش لەگەڵ بێهوودەییدا نییە".

بۆ نووسەر کتێبەکانی ئەگەر نەڵێین زیاتر، ئاوا بە قەد جگەرگۆشەکانی خۆشەویستن، بەتایبەتی ئەو بەرهەمانەی لە باری ڕۆحی و یادەوەرییەوە لێیەوە نزیکن و پێیانەوە گرێدراوە. بۆیە شتێکی ئاساییە وەک هەر نووسەرێکی دیکە، کۆدی باشترین و خۆشەویسترین کتێبەکانی خۆیمان بۆ بکاتەوە و بنووسێ "هەموو کتێبەکانم خۆشدەوێن، لە نێویاندا کتێبی (ڕووناکییە گەشاوەکە)، ئەوەی کە پەیوەندی بە کوڕە کۆچکردووەکەمەوە هەیە و دەچێتە خانەی بیرەوەری، لەگەڵ ڕۆمانی (لیگاسی)، کە چیرۆکی ئازایەتی ژنێکی نەیتیڤ (دانیشتووانی ڕەسەنی ئەمریکا)ی ویلایەتی داکۆتایە".

بە سەرنجدان لە ڕۆمانەکانی و زمانی قسەکردنی لەسەر گرفتە دەروونی و کێشە کۆمەڵایەتییەکان، خوێنەر وا هەست دەکات کە نووسەر وەک ئەوەی خودی خۆی گرفتاری نەخۆشییە دەروونییەکە و گیرۆدەی کێشە کۆمەڵایەتییەکە بێت، ئاوا قسە دەکات. ستیل لەم ڕووەوە دەڵێت: "ڕاستە وام کردووە، بەتایبەتی کە کتێبێکم لەسەر لەدایکبوون و چاودێریکردن و ئازاری منداڵێک نووسیوە، کە نەخۆشیی دەروونی هەیە".

ستیل دەربارەی پشکی ئەدەبی بیرەوەری، یان بایۆگرافی لە بەرهەمەکانیدا دەڵێ: "بەشێک لە یادەوەری و بایۆگرافیی من لە کۆی ڕۆمانەکانمدا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی ئەوتۆ نین کە لە ڕێگایانەوە گوزارشت لە تەواوی ژیانی من بکەن. ڕۆژێک دایکم هەمان ئەو پرسیارەی لێکردم و منیش لە وەڵامدا پێمگوت: دایە ئەگەر زۆر شتم لەبارەی خۆمەوە نووسیبا، چەندین ساڵ بوو، لە ڕیزی مردووواندا بووم".

نووسەرێک جگە لە زیاتر لە 100 ڕۆمان، چەندین کتێبی دیکەی هەبێت. نووسەرێک بە سەدان ملیۆن دانە لە کتێبەکانی فرۆشرابن، بۆ خوێنەر سەیر دەبێت کە ببیستێ هێشتا خەڵاتێکی ئەدەبیی شایستەی پێ ڕەوا نەبینراوە، وەلێ ستیل بە بزەیەکەوە دەڵێ: "هەمیشە بیر و خەیاڵم لەسەر ئەوەیە، ڕێگاکانی چوونە ناو دڵ و هەستی خەڵک بدۆزمەوە و چۆن بتوانم بیانگەمێ. واتە ئەوەی بۆ من گرنگە، خوێنەران چەند بایەخ بە بەرهەمەکانم دەدەن، بۆیە هەرگیز بیرم لە خەڵات نەکردووەتەوە".

نووسینی زیاتر لە 100 ڕۆمان ئاسان نییە، مەبەست خودی نووسینەکە نا، بەڵکو سەختی لە دووبارەنەبوونەوەی ڕووداو و شوێنکات و کەسایەتییەکان، سەختی لە تێکەڵنەبوونەوەیان لە شوێنێکدا. ستیل بۆ ئەمە دەڵێت: "ناتوانم بەشێک، یان دووبەش لە ڕۆمانێک بنووسم و لەگەڵیشیدا خەریکی نووسینی بەشێکی ڕۆمانێکی دیکە بم. بۆیە زۆرجار ناچارم کاتی زۆر بۆ نووسین تەرخان بکەم، تەنانەت جاری وا هەیە ڕۆژانە 22 کاژێر و بە درێژایی چەندین هەفتە بەردەوام دەبم. من وەکو ئافرەتانی دیکە ناچمە بازاڕکردن و مۆڵەکان، هەرگیز کاتی خۆم بە خوێندنەوە و وەڵامدانەوەی نامە ناکوژم، تەنانەت دەتوانم بڵێم، ئەگەر پێویست بکات، ئەوا لە ماڵەوە ناچمە دەرەوە، هەتا ڕۆمانەکە تەواو دەبێت".

سەرەڕای تەرخانکردنی زۆربەی کاتی بۆ پڕۆژەی نووسین، تەنانەت ئەگەر بە بەرنامە و پلانیش بێت، بەڵام دواجار سروشتی ژیان وایە کە ڕێگرییەک هەر دەبێ ئاستەنگ بخاتە بەردەم بەرنامەی نووسەر، پەیوەست بەم بابەتە ستیل دەڵێت: "زۆرجار ڕووبەڕووی ئەو دۆخە بوومەتەوە. جارێک کە کوڕەکەم مرد، جارێکی دیکەش کە ژیانی خێزانیم دارما و تێکچوو. لەو ماوەیەدا نزیکەی 14 هەفتە هیچ شتێکم نەنووسی، زۆریش دەترسام ئەو وەستانەم بۆ هەتا هەتایە درێژە بکێشێ".

لەبارەی ئاینداریییەوە پرسیاری لێ دەکەن و ئەویش دەڵێ: "من باوەڕدارم، ئەمەش لە میانی ناونیشانە ئاینییەکانی هەندێ لە بەرهەمەکانمەوە هەستی پێدەکرێ، لەوانە (نزای گیرابوو، نیعمەتی سەرسوڕهێنەر و ). ئایین بۆ من شتێکی کەسییە و پەیوەندی بە خودی مرۆڤ خۆیەوە هەیە. بەڵێ، ئایین لە بەشێک لە سەرکەوتنەکان و بەردەوامبوونم هاوکاریی کردووم".

بۆچوونێک هەیە باس لە ئەدەبی بازرگانی دەکات. بەو مانایەی لەم ڕۆژگارەدا ئەوەندەی کاڵایەکی بازرگانی و ئەدەبێکی میللیگەرایی تەمەن کورتە، هێندە ستاتیکی و قووڵ و تەمەندرێژ نییە. ستیل پێچەوانەی ئەوە دەڵێت: "ڕەنگە 800 ملیۆن خوێنەری من شتێکی جیاواز بڵێن. بە پێچەوانەوە، بەڕای من ئەوەی ناو نراوە ئەدەبی بازرگانیی میللی، دەتوانێ تا ماوەیەکی درێژ بژیێت، لەم ڕووەوە چارڵز دیکنز نموونەیەکی گرنگە".

*

### نووسین وەک سەرچاوەی دەوڵەمەندبوون!

تا ئێستا و بەگوێرەی زۆر لە ڕاپرسییەکان، لە پای داهات و فرۆشی بەرهەمەکانیان، هەر یەکە لە (جوان ڕۆڵینگ بە یەک ملیار دۆلار، ستیفن کینگ بە 400 ملیۆن دۆلار، دانیێل ستیل بە 375 ملیۆن دۆلار، جێمس پاترسۆن بە 310 ملیۆن دۆلار، جۆن گریشام بە 200 ملیۆن دۆلار، جاکی کۆلینز بە 180 ملیۆن دۆلار و نورا ڕۆبێرتس بە 150 ملیۆن دۆلار) لە پێشەنگ و ڕیزبەندی یەکەمی نووسەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان دێن.

بە گوێرەی پۆلێنێکی گۆڤاری بەناوبانگی (فۆربس) لە ساڵی 2016، دەربارەی داهاتی نووسەرە ژنەکان لە بەرهەمی تەنیا ساڵێکیاندا (2015)، جەی. کەی. ڕۆڵینگ، نووسەری ئینگلیزی بەهۆی زنجیرەی هاری پۆتەر بە داهاتی 19 ملیۆن دۆلار لە ڕیزبەندی یەکەم، دوای ئەویش ڕۆماننووسی ئەمریکی نورا ڕۆبێرتس، بە داهاتی 15 ملیۆن دۆلار و دانیێل ستیلی ڕۆماننووسیش بە هەشت ملیۆن و 500 هەزار دۆلار، لە پلەی سێیەم دێن.

ڕەنگە بە دەگمەن لەسەر ئەو بۆچوونە ناکۆک بین کە نووسین کارێکی گەورە و گرنگە، پڕۆسەیەکە هەموو کەسێک هەروا بە ئاسانی دەرەقەتی نایەت، بەڵام ئایا لە بنەڕەتدا نووسین تەنیا خولیا و ئارەزوویەکە، یان خەونێکیشە بۆ دەوڵەمەندبوون؟ ئاخۆ دەکرێ نووسین، نووسەرەکەی بژیێنێت؟ بە مانایەکی دیکە، ئایا کتێب دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی دەوڵەمەندیی نووسەر، یان تەنیا هۆکارێکە بۆ ناوبانگی مەعنەوی؟ ئەگەر وایە، بۆچی زۆر لە نووسەرە هەرە دیارەکانی ناو مێژووی ئەدەبیات بە چەرمەسەری ژیاون؟



بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی و نووسەرە بەناوبانگەکان و بەراوردکردنیان بە دونیای ئەمڕۆ کە خەریکە تیراژی کتێب و داهاتەکانی نووسەران لە ڕۆژئاوا دەکەوێتە ناو لیستی کتێبی ژمارە پێوانەییەکان، ئاخۆ مافی وروژاندنی ئەو پرسیارانەمان هەیە: خوێنەری ئەم سەردەمە بازاڕییە، یان جددی؟ بۆچی بەرهەم و داهێنانێکی ئەدەبی جیهانی کە تا هەنووکەش دەنگدانەوەی هەیە، خاوەنەکەی بە کولەمەرگی ژیاوە، کەچی هەندێ نووسەر کە ڕەنگە بەرهەمەکانیان لە ئاستی باڵایی ئەدەبیدا، نەگەنە ئەژنۆی یەکێک لە بەرهەمەکانی نووسەرانی کۆن، بەڵام خاوەنەکانیان بوونەتە ملیۆنێر؟

بە گوێرەی لیکۆڵینەوەیەک، زۆربەی هەرە زۆری نووسەرە داهێنەرەکان، ئەوانەی خاوەن بەهرە و سەلیقەیەکی دەگمەن و لە لوتکەی داهێناندا بوونە و کاریگەرییان نەک هەر بەسەر مێژووی ئەدەبیاتی جیهان، تەنانەت بەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤایەتیشدا هەبووە، بە هەژاری و نەداری ماڵئاواییان لە ژیان کردووە. سەرنج بدەن، لە ڕۆژەکانی کۆتایی ژیانیدا و بۆ ئەوەی بژێوی خۆی و خێزانەکەی دابین بکات، شکسپیر خانووەکەی خۆی لە بەرانبەر بڕێ پارە، ڕەهن دەکات. ئەدگار ئالان پۆ لە شەقامەکانی واشنتن، بێنەوا و لانەواز دەسووڕێتەوە و دواجاریش، نەبوونی دەیکوژێ. ئۆسکار وایڵد بە گیرفانی خاڵی پاریس دەپشکنێ و دواتر بە مردوویی دەدۆزرێتەوە. ئەمە مشتی لە خەرواری ئەو نووسەرانەن کە لەناو مێژووی ئەدەبیاتی جیهانیدا وەک ئەستێرە دەدرەوشێنەوە و هەر یەکێکیان لە بوارێکی تایبەتدا سەرمەشق و پێشەنگ و داهێنەر بوونە و هاوشێوە و نموونەیان نەبووە، کەچی بە هەژاری و نەداری سەریان ناوەتەوە.

*

### ڕۆمان و شەڕ

ئەدەب بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی، تا ئاستێکی بەرز کەوتووەتە ژێر کاریگەریی جەنگەکان، لە پێش هەموویانەوە، هەردوو جەنگە جیهانییەکە. ئەو دوو جەنگەی نەک هەر جوگرافیای سروشتی و مرۆیی لە جیهاندا گۆڕی، بەڵکو ئاراستە و نەخشەی ڕۆمانیشی گۆڕی!

جگە لەوەی بەشێکی ڕۆمانی (خۆشەویستییەکی مەزن) کارکردنە لەناو جەنگدا، وەکوتر، هەردوو ڕۆمانی (دوو کچە جمکەکە) و (ژنێکی چاک) نموونەی جددی کارکردنی (ستیل)ن لەناو یادەوەرییەکانی جەنگ و ماڵوێرانییەکانیدا. چیرۆک و ڕووداو و شوێنکاتی هەردوو ڕۆمانەکە، ساتەوەختی جەنگی یەکەمی جیهانین، لە یەکەمیاندا سەربوردەی تاڵی دوو خوشکی جمک دەگێڕێتەوە کە دوای مردنی باوکیان، بە ئەزموونی سەخت و ناخۆشدا ڕەت دەبن. لە دووەمیشیاندا ئەگەرچی ڕۆمانێکی تەواو ڕۆمانسیە و پڕە لە شکستی کۆمەڵایەتیی کچێکی تەمەن نۆزدە ساڵ، کە کچی خێزانێکی دەوڵەمەندی نیویۆرکە و لە کاتی جەنگدا بۆ چارەسەرکردنی بریندار و نەخۆشە هەژارەکانی شەڕ، بە خۆبەخشی دەچێتە فەڕەنسا، پڕیەتی لە دیمەنی تراژیدی و گرتەی ناسۆری جەنگ. خاڵی هاوبەشی نێوان دوو ڕۆمانەکە ئەوەیە، کە سەرەڕای جیاوازیی ڕووداو و شوێنکات و کاراکتەرەکان، بەڵام شکست لە ژیانی هاوسەرگیری کاراکتەرەکان، کۆیان دەکاتەوە، کە ئەمەش بە دیوێکدا ئاماژەیە بۆ ئەزموونە شکستخواردووەکانی نووسەر لەو بوارەدا.

# پەیکەرسازانی کورد چی لەبارەی رەوشی هونەری پەیکەرسازی لە کوردستان دەڵێن؟

**مەریوان قارەمانی:**

شارەوانی بەرپرسە لەو کارە بەناو هونەرییانەی لە شوێنەگشتییەکاندا نمایش دەکرێن

**شوان کەمال:**

لە کوردستان عەقڵی بنیاتنانی پرۆژەی هونەری و شتی وا نییە

**ئازاد کەریم:**

هەندێک پرۆژە هی ئەوەن تەنیا بۆ یەک ڕۆژ لەسەر پشتی بارهەڵگرێک لە فێستیڤاڵێکدا نمایش بکرێن

■ رەوەند محەممەد جەمیل – هەولێر

پەیکەرسازی لقێکی هونەری بینین و هونەری شێوەکارییە، ئەو مەتێریەڵانەشی کە پەیکەریان لێ چێ دەکرێت بریتین لە چیمەنتۆ و بۆرەک و بەرد و تاشەبەرد و سیرامیک و دار و کانزاکان و مۆم و.. هتد. مێژووی پەیکەرسازی بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە. لەکۆندا بۆ پەرستن و پیرۆز ڕاگرتن و شکۆدارکردنی کەسەکان و خوداوەندەکان دروست دەکرا، بەڵام پاش ڕێنیسانس و تادەگاتە ئەمڕۆی سەردەمی مۆدێرنە و هونەری هاوچەرخ، هونەری پەیکەرسازی چەمکێکی هونەریی پێ بەخشرا و دەربازبوو لەو ڕەهەندە ئاینییەی پێشتر پێی ناسرابوو. ئێستا لەم سەردەمەدا هونەرمەند یان هونەرەکان لەڕووی دەربڕین و بەکارهێنانی مەتێریەڵ و سەرجەم رووەکانی دیکەشەوە لەوپەڕی ئازادیدان! بەمەرجێک پابەند و بەستراوەبن بەو توخم و بەها هونەرییانەی کە تایبەتن بە خودی هونەرەکە.

کاتێک باس لە هونەری پەیکەرسازی دەکەین لە باشووری کوردستان، هەست بە گەڕەلاوژەیەک دەکەین. لەڕاستیدا مرۆڤ ئەگەر ئاستێکی ڕۆشنبیری و هونەریی بەرز و تەکنیککاری باشی نەبێت، ناتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئەو هونەرە بکات و هونەرێکی نایاب یان داهێنانێکی باش بهێنێتە بەرهەم.

سەرەڕای چەندین کولێژ و پەیمانگای هونەری لە شارەکانی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر دەرچووی لقی پەیکەرسازی، بەڵام تائێستا زۆر بەدەگمەن توانراوە هونەرێکی باش پێشکەش بکرێت.

هونەرمەندی پەیکەرساز (مەریوان قارەمانی) کە ئێستا نیشتەجێی شاری تۆرینۆی ئیتالیایە و هەر لەوێ بڕوانامەی ماستەری لە بواری پەیکەرسازی وەرگرتووە، لەبارەی ئەم رەوشەی هونەری پەیکەرسازی لە کوردستان دەڵێت: "لە هەموو دنیادا کۆلێژ و پەیمانگای هونەر، دەروازەی هونەر و فێربوونن، بەڵام ئەگەر میکانیزمێکی گونجاو نەبێت بۆ ئاشناکردن و فێربوون، ئەستەمە لەو دەروازەیە دەرچین. چەند جارێک کە بەسەردان گەڕاومەتەوە کوردستان، سەردانی کۆلێژی هونەرم کردووە، هەستم کردووە کۆلێژ وەکو دەزگایەکی هونەری کەموکوڕیی زۆری هەیە! گرنگترینیان نەبوونی مامۆستای خاوەن ئەزموونە لە بواری پەیکەرسازی، لەبەرئەوەی خوێندکار لەکاتی دارشتنی کارێکی هونەری پێویستی بە مامۆستا هەیە. لە لقی پەیکەرسازی لە پەیمانگا و کۆلێژی هونەر خوێندکار هەر لە قۆناغی یەکەمەوە تا تەواوکردنی خوێندن پێویستی بە ڕێنمایی مامۆستا هەیە. زۆر گوێمان لە گلەیی و گازاندەی خوێندکاران دەبێت لەدوای بەدەستهێنانی بڕوانامە، لەبەرئەوەی خۆی دەبینێتەوە هیچی وای پێ نییە".

کێشەیەکی دیکە بەلای مەریوان قارەمانییەوە نەبوونی کەرەستەی پێویستە. وەک ئەو دەڵێت: "پەیکەرسازی جیاوازە لە وێنەکێشان و پێویستی بەشوێنی کارکردن هەیە، جگە لەمەش پێویستی بە قوڕ و بەرد و دار و کۆمەڵێک شتی دیکەش هەیە. بێگومان هەموو کەسێک بۆی نارەخسێت لە ماڵەوە کاری پەیکەرسازی بکات".


کەم ئەزموونی لە کارکردن و نەبوونی دەزگا و هۆڵی تایبەت بۆ کارکردن و درکنەکردن و نەناسینی تێڕوانینێکی ئێستاتیکی، هەموویان فاکتەرن بۆ ئەوەی هونەرمەند لە هەرێمی کوردستان نەتوانێت کارێکی هونەری پێشکەش بە بینەر بکات. بەڵام جگە لەمانەش، کاتێک پەیکەرێک بۆ شوێنێک ئامادە دەکرێت، پێویستە هاوسەنگییەک لەڕووی شوێن و خودی پەیکەر و واتای پەیکەرەکەوە هەبێت کە لە شوێنەکە دادەنرێت. پەیکەر و شوێن تەواوکەری یەکترین و بەیەکەوە یەکەیەکی ئێستاتیکی پێکدێنن! سەبارەت بەمەش هونەرمەندی پەیکەرساز (ئازاد کەریم) کە بڕوانامەی ماستەری لە هونەری پەیکەرسازی لە بەریتانیا وەرگرتووە و ئێستاش خوێندکاری دکتۆرایە، دەڵێت: "پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لەنێوان بابەت و مێژووی شوێن، بۆ نموونە تێکشکاندنی سوپای عێراق لەساڵی 1991 لە ناوچەی کۆڕێی پارێزگای هەولێر، مێژووی شوێن و فەزای بۆ بابەت دروستکرد، بەڵام دەشبێت بابەت فەزا و مێژوو بۆ شوێن دروستبکات (یۆرکشێر سکەڵپچەر پارک - Yorkshire Sculpture Park) کە پارکێکی بەناوبانگی جیهانە و لە شاری لیدزی باکووری بەریتانیایە، ساڵانە ژمارەی پەیکەرەکانی ناوی لە زیادبووندان دوای کڕینەوەیان لە گەورە هونەرمەندانی جیهانی. بەمجۆرە کارە هونەرییەکان مێژوو بۆ شوێن دروست دەکەن، بەڵام با باسی نموونەیەک لە شاری هەولێر بکەین، لە (داون تاون) دەکرا چەند پەیکەرێک دابنرێن کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە مێژووی شوێنەکەوە هەبێت، وەک باخچەی مام ئیسماعیل یان حەسارەکەی مامۆستا ئیسکەندەر عوسمان و... هتد، بەڵام ئەمانە هیچیان نەکران".

چەند ساڵێکە لە باشووری کوردستان هەندێک لە هونەرمەندانی پەیکەرساز مەتێریەڵی جۆراوجۆر بەکاردێنن بۆ کارە هونەرییەکانیان، بەڵام پاش تەواوکردنی کارەکانیان ئیتر بەهۆی کۆمەڵێک کەموکوڕی دەکەونە بەر ڕەخنە. خەڵکی هونەردۆست و ڕەخنەگر و بینەریش بەشێوەیەکی گشتی مافی خۆیانە بەوە رازی نەبن کە کارێکی هونەریی خراپیان لە شوێنە گشتییەکان بخرێتە بەرچاو، هونەرمەندی پەیکەرساز (شوان کەمال) دەڵێت: "قسە لەبارەی هونەری پەیکەرسازی بەتەنیا و بێ قسەکردن لەسەر بارودۆخی هونەر بەگشتی و قەیرانە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، کەمێک زەحمەتە، لەبەرئەوەی هەموویان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە. بۆیە هونەر ڕەنگدانەوە و ئاوێنەی بارودۆخەکەیە. جا هونەری پەیکەرسازیش بەدەر نییە لەمە، پەیکەر زیاتر هیلاکی و ئیشی دەوێت بەراورد بە هونەرەکانی دیکە، دوایش زۆر لەبەرچاو دەبێت، بۆ نموونە لە پارک و شوێنە گشتییەکان نمایش دەکرێت و تەمەنیشی درێژترە بەهۆی ئەو مەتێریەڵانەی کە لێی دروستدەکرێت یان دادەڕێژرێت".

شوان کەمال کە پەیکەرسازێکی ناسراوە و لەو بوارەدا لە یۆنان، ئەڵمانیا و سوید کاری کردووە و چەندین کاری ناوازەی لە گۆڕەپانە گەورەکانی شارەکانی وڵاتانی ئەوروپادا دانراون، دەڵێت: "هونەری پەیکەرسازی پێویستی بە دامودەزگای هونەریی تایبەت بە پەیکەرسازی هەیە، بۆ نموونە لە شارەوانی دەزگا و لیژنە و خەڵکی پسپۆڕی بوارەکە هەبێت، بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن و کۆمەڵێک شتی دیکە، بۆ جێبەجێکردنی کارەکەش پێویستمان بە پەیکەرسازی باش و شارەزا هەیە لەگەڵ کارگە و دەزگای کارکردنی تایبەت بە دروستکردنی پەیکەر و دارشتنی مەتێریەڵەکانی وەکو برۆنز. لەم شتانەی کە باسمکرد زۆریان لای خۆمان نین و ئەگەر هەشبن زۆر لاوازن، لای خۆمان پەیکەرسازی باش هەیە، دەتوانن پەیکەری جوان دروستبکەن، بەڵام کە دێتە سەر جێبەجێکردن، دەبینی شوێنێکی تایبەت بە دارشتن و دروستکردنی پەیکەر لە میتاڵ و شتی وا نییە، مەجبوور پەیکەرسازەکە خۆی ئەرکی دارشتن و دانانەکەی لەئەستۆ دەگرێ، ئەمە وەک ئەوە وایە کابرایەک شارەزایی لە دروستکردنی شیرینی و هەویرکاری هەبێت، بەڵام فڕنی نەبێت و هەر بە خاوی پێشکەشی بکات".

شوان کەمال هەروەها دەڵێت: "چەند ساڵێک لەمەوبەر بەهاوکاریی کاک هەڵگورد جوندیانی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری هەوڵمان دا پرۆژەیەکی کارگەی دارشتنی برۆنز و کانزاکانی تایبەت بە پەیکەرسازی دروست بکەم لە هەولێر، کە دەمتوانی سوود بەهەموو پەیکەرسازانی کوردستان بگەیێنم و بەمەش هونەری پەیکەرسازی دەبووژایەوە! خۆم بێجگە لە ئەزموونی هونەریی 25 ساڵ، ئەزموون و شارەزاییم لەم بوارەدا هەیە و لە ئەڵمانیا و سوید بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی کارم تێدا کردووە، بەڵام پرۆژەکە لەلایەن وەزیری ڕۆشنبیرییەوە پشتگیری نەکرا. بەداخەوە لە کوردستان عەقڵی بنیاتنان و دروستکردنی پرۆژەی مێژوویی و هونەری و شتی وا نییە، زیاتر بیر لە پرۆژەی بازرگانی و قازانجی خێرا و زوو دەوڵەمەندبوون دەکرێتەوە".

ئەو دەڵێت ئەگەر خوازیار بن هونەری پەیکەرسازی لە کوردستان پێشبکەوێت، دەبێت بیر لە کارگە و پرۆژەی دروستکردنی پەیکەر و برۆنز بکرێتەوە، ئەگەرنا ئەم گرفتە هەروا دەمێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەی هونەر بەدامودەزگایی بکرێت و لیژنە و خەڵکی پسپۆڕ هەبێت لە شارەوانی و وەزارەتی ڕۆشنبیری کە توانای بڕیاردانیان هەبێت لە کوێ پەیکەر دروستبکرێ و لەکوێ دابنرێ و باس لە چی بکات و ئینجا لە هەمووی گرینگتر کێ و چ پەیکەرسازێک دروستی بکات، واتە هەر کارێک رای لیژنە و خەڵکی پسپۆڕی لەسەر نەبێت ڕێی پێ نەدرێت دروستبکرێت، یان لە شوێنە گشتییەکان دابنرێت.





بەکارهێنانی مەتێریەڵی وەک کانزا بەهۆی کاریگەریی چەند فاکتەرێکەوە بووە لەنێو هونەری پەیکەرسازیدا. کاتێک کاری هونەری بە مەتێریەڵێکی جیاواز و نامۆ دەکرێت، پێویستە هونەرمەند لە ڕووی پیشەگەری و ڕۆشنبیرییەوە ئاگاییەکی تەواوی هەبێت لەسەر بەکارهێنانی ئەو مەتێریەڵە، بەکارهێنانی پلێت و ئاسن بەشێوەیەک کە هونەرمەند توانایەکی باشی نەبێت، دەبێتە هۆی ناشیرینکردنی هونەرەکە و بێتوانایی هونەرمەندەکە لە بەکارهێنانی ئەو مەتێریەڵە دەردەخات. هونەرمەند (ئازاد کەریم) لەم ڕووەوە دەڵێت: "تێنەگەیشتن لە زمانی مەتێریەڵ دەبێتە هۆی خراپ تەوزیفکردن و خراپ بەرجەستەکردنی بیرۆکەی پرۆژەکە، ئەمەش دەبێتە کردارێکی پێچەوانەی دژ بە بنەماکانی جوانیی کارە هونەرییەکە، بۆ ئەمە نموونەمان زۆرە لە کوردستان، لەم دواییانەدا چەند پرۆژەیەکی هونەری کە من بە (پەیکەری پۆستەر) پێناسەیان دەکەم، لە هەولێر ئەنجامدراون، ئەمانە بە مەتێریەڵی تێکەڵی وەک ئاسن و پلێت بە سپۆنسەری کەرتی تایبەت کراون، خودی بابەتەکانیش تایبەتن بە جۆری بزنسی کەرتەکە و ڕێکلامکردن. من لێرەدا باسی ئەوە دەکەم ئایا دەکرێت ڕێگا بدرێت ئەم جۆرە پرۆژانە پانتاییەکی گەورە داگیر بکەن و ببنە هۆی شێواندنی بینینی بینەر و شێواندنی هەست و سیمای شار؟ بەڕای من ئەم جۆرە پرۆژانە هی ئەوەن تەنیا بۆ یەک ڕۆژ لەسەر پشتی بارهەڵگرێک لە فێستیڤاڵێکدا نمایش بکرێن ، یان لە ناوەوەی باڵەخانەی ئەو دەزگا و دامەزراوانە دابنرێن کە سپۆنسەری پرۆژەکەن. بڕیاردان لەسەر دانانی هەر پرۆژەیەکی ئاستنزم و نەگونجاو لەڕووی مەتێریەڵ و بابەت لە شوێنە گشتییەکان، ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی نەبوونی کولتووری هونەرییە لە دامودەزگا بڕیاردەرەکاندا، بۆیە کە ڕەخنە دەگیرێت، دەبێت ڕەخنە لە دامودەزگاکان بگیرێت پێش ڕەخنەگرتن لە هونەرمەند یان پەیکەرسازەکە".

بەم دواییە چەند کارێک لەسەر پلێت و کانزا لە هەولێر دروستکراون، هونەرمەند (مەریوان قارەمانی) لەبارەی ئەو کارانەوە دەڵێت: "ئەوانە هەندێ کاری ئاست نزمی ئاسنن، بەڕاستی ئاسن و پۆڵا دوو مەتێریەڵی ناشیرینن بۆ کاری هونەری! ئەگەر بابەتێکی گونجاو نەبێت و شارەزاییەکی باشت نەبێت لە لەحیمکردن، هەڵبەتە شتێکی ناشیرین دەردەچێت. لەم ڕۆژانەدا کارێکی بەناو هونەریم بینی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە لە هەولێر کرابوو، بەڕاستی لەڕووی دارشتن و کواڵیتی زۆر دوور بوو لە کاری هونەری. ئەمە وەک بانگەواز ناوی دەبەم.. کاتێک کارێکی هونەری لەسەر کەسایەتییەک دەکرێت، پێویستە کارێکی نەمر بێت، لێرە لە ئیتاڵیا پەیکەری شەهیدان یان پارتیزانەکان، باسی دوای سەردەمی فاشیزم دەکەم.. هەر حەز دەکەی لەژێری بخەوی! بۆیە سەبارەت بەم کارە و زۆرینەی ئەو کارە هونەرییانەی کە ئەنجام دەدرێن شارەوانی لێیان بەرپرسە، من پرسیار لە شارەوانی دەکەم، چۆن بانگەواز بۆ پێشبڕکێی ئازادانە ناکات بۆ ئەو کارانەی کە لەشەقام و گۆڕەپان و شوێنە گشتییەکان دادەنرێن؟.. چونکە دواجار ئەو شوێنانە موڵکی بینەرن.

# عەفرین؛ لاولاوی نیشتیمان

◄ بۆتان لەتیف عەبدولقادر



لە پەرتووکی ئاڤێستادا
وێنەی چڵە زەیتوونێ کێشراوە..
لێی نووسراوە: عەفرین؛ ئاوی ئافەرێنە..
بەرخودانی ڕەیحانە و لاولاوی نیشتیمانە
ئاااخ چۆن پێکراوم !..
گەرچی دەستم؛ بە کلیلەکانی ئاشتی وئازادییەوە گرتووە
بەڵام هێشتا؛
ئەو تۆفانە نامرۆییە دڵی زەیتوونیم لەت دەکا و دەڕوشێنێ.

**

وەختی کەرکووک دڵی شکا؛
وەختی چوارچرا دامرکێنرایەوە؛
وەختی دیاربەکر دڵی تێکهەڵات؛
کوردستانەکەی بن خەتێش گریا..
ئەی عەفرینم؛
تەنیاییت هەر لەزستانە بێ بارانەکەی خۆم دەچێ و
لەپارچە شووشە شکاوەکانی بەرهەتاویش..
لێرە نارۆین وەک گرێ مەزن دەمێنین
گەر برسی بووین؛ خۆڵی پێش بێرایی دەخۆین..
کە مردیشین؛ وەکو زەیتوون بەژن زراڤ دەڕوێینەوە
دڵمان زمانی ئازادی و لە مێژووشدا دڵی عەفرینێ ئەدوێنێ.

**

بۆ کوێ دێن و بۆ کوێ؟!
نازانن کە هەتاوی پێش مردنن؟!..

نازانن کە لە سێبەری سەوزی زەیتووندا
لە سێبەری فریشتەیی گۆنای ئەودا دەمرن؟!..
مادام میفتاحی عەدەمن؛
لە ئاسمانی سەوزی عەفرین تێکشکاو و دڵبەخەمن.
مادام میفتاحی فەتح بین؛
بە برژانگی چاوەکانمان نیشتیمان ڕەنگین دەکەین و
پێتان دەڵێین خاتر جەمن.
بۆ ئازدی و ئاشتی و مرۆیی
وەک کۆترێ چڵە زەیتوونمان هێمایە و
ئاڤرینە لەمێژە ڕووباری ژیانە و
سەرچاوەکەی؛ دڵی بێگەردی ئاڤێستا
وەک لێوی عەزەب باریکە و
لەگرێ مەزن؛ غەزەل لەمردن دەڕوێنێ..

**

کەزیەکانی نارین کوبانێ
بەتۆقەی چڵە زەیتوون چنراون

دەنگی بولبول؛
هەتاوی ئەوین بەسێبەری زەیتوون خاو دەکاتەوە
ئەدی نەمگوت:
لە تاریکایی مەشریقی وجود
کۆبانێیە (مشتێ نوورە) بۆ ئازادی؟!..
بۆ بەرخۆدان..
بۆ سەربەستی..
ئەرتەش شکێن گوڵی سوورە!..
چڵە زەیتوونی عەفرینێش
وەک تربەسپی کوبانێ مشتێ نوورە!..
ئەی گرێ مەزن؛
چۆڕاوگەی تەریک وتیزمارەکانت وەگەڕخەوە..
هاواری بێ فریا دەنگی وشک بووە..
ئەم قرچەی گەرمایە هی کوورەی ئاگرە و
ئەرتەش شکێن ئاڤێستاکەی چاوی بوورە..

**

ئەوە فەتحە؟!..
ڕووخاندنی دوو گردی سەر سینگی نارین؟!..
ئەی خودایە..
فەتحی عەدەم ستەم دەکات..
ئەی خودایە..
ئەو نارینە مشتێ نوورە
فورقانی وجودە بۆ فەتحی عەدەم..
بزەی جێماوی دوای ئەنفالە وا دوورە..

**

لە عەفرینی بەژن زراڤی دارزەیتوون حەشرە..

سولتان لە کۆلانەکانی ئازار
لە کۆلانە تەنگەکانی جەحیم
سازی سووتان ئەژەنێت و
زەیتوونەکانی ناو بەهەشت
هەراسان و بێزار ئەکات..

**

لەم گەردوونە بێ بنەدا
نە نووح هەیە و نە کەشتیەکەی..
وەلێ کەزیەکانی زەیتوونێ دزراون..
دیلی دەستی سوڵتانن بۆ ستەم..
ئەی خودایە لەو جیهانەی؛ نقەی لەبەر نایێت!..
من دەڵێم: ئەی دڵی پڕ خورپەم..
ئەی بەرخودانی نیشتیمان
هەر پەرتووکێک بکەیتەوە هەر مەنفایە
دەست بە کلیلەکانی بەرەبەیانەوە بگرە..
ئاسۆیەکەی وەک برۆی ئاڤێستا باریک
سڵاو لە دڵگەرمیی گەنج وخورتێن وڵاتپارێز..
سڵاو لە بەرخودانی عەفرین کە بەور هەڵمەت ئەبات.

**



# رەیپ

◄ کەژاڵ نوری



بە تۆپزی،
بەسەر زەویدا پاڵم خە
بەرزەقێ شەهوەت بکە پێڵاوەکانمەوە
بە رووتی بمئاڵێنە لە باسکت
لە ناو لەپی خۆتدا هێزم بخەرە سەر
تا دەبم بە لیستۆکێکی ئەوەندە بچووک
کلیلی هەقیقەتتم پێدا هەڵدەواسی و
بەردەوام بەدەستتەوە یاریم پێ ئەکەی
دەست بۆ هەموو دوگمەکانم بەرە و
جەلابیبی حەیام تیکە تیکە کە
پرچم بەسەر ماشەری یاسادا هەڵکە و
هەر بە زەوقی خۆت بمرێسە
بمکە بە پەتووی دەستچنی ژێر شەوێکت،
لە ژێر تەڕاویلکەی شوناسی پیاوەتیتدا رامخە
بۆ ئەبەد ، بمکە بەژنێکی رەیپ کراو
بۆ ئەوەی چاوشۆڕت بم و هەرگیز
لێت هەڵنەیەم
مائۆییەکان درۆیان فەرموو
نیشتمانی هەورە راکشاوەکان منم نەک ئائوتاروا
80 ملیون ساڵە رووت کراومەتەوە و
وەک هەورێکی سپی بێ پەڵە،
(مانگیلەی بەپیت) لیم ئەبچڕێ و لێک نابمەوە
وەک کێڵەگەیەکی بە بەرهەم،
جرجی مالیکەکەم لێم ئەخوا و تەواو نابم
ئاو رەیپم ئەکا و تەڕ نابم
مەغزام نمایش ئەکرێ و ناگەم بە نهایەت
برینی سەر لەشم قووڵتر دەکەنەوە و
وەک ئاوێنە فەزام زیاتر تیا ئەبینرێ
من بە رووتی
ئەوەندە تەنکم وەک تکەی باران،
ئەوەندە عوریانم وەک بۆشایی
دایکەنە، جەلابیبی حەیام داکەنە
بە رووتی رامخە و وەکو رێگە بەسەرما برۆ
تا دەگەیتەوە سەر ئاسەوارە کۆنەکانی کەوشەنی چێژ
بە تەنیشت شەقامەکانەوە درێژم کە
تا هەموو رێگاکانت لە مەستیدا بێنەوە سەر من
بەرزەقێ شەهوەت بکە پێڵاوەکانمەوە
تا سووری پیاوبوونت کامڵ بێ
نێوان پەنجەکانم بکە بە چۆمی چێژی خۆت
تا بەروبوومی ڕەچەڵەکت هەر بڕوێ
تەواوی کانیەکان لە پرچمەوە هەڵچۆڕێنە
تا تۆوی زاوزێ کردنت بەردەوام بێ
تەواوی چلورەی گوێسەبانەکان بە برژانگما هەڵواسە
تا لەگەڵ هاتنی وەرزی سەرمادا
فالۆسی توندی پیاوەتیت وەکو شەختەبەندی لێدێ و
وەچەی زیاتر دەخەیتەوە
تۆ رەیپ و رووتکردنەوەی من،
بوون و بەردەوامی پێداوی
دایکەنە جەلابیبی حەیام داکەنە و

پووزی خز و،
رانی سفت و،
تەبەڕوجەکانی لەشم، توند توند لەباوەشت بگرە
تا بورجی زەوقت زێدەتر بەرز و باڵانوما دەکا و
وەک کەنیزەیەکی حەلاڵ هەڵمدە گریتەوە بۆ خۆت .
لە فەرمانی خوا دەرمەچۆ،
من ئەیما مەلەکەتی ئیمانی کامڵی تۆم
دایکەنە جەلابیبی حەیام داکەنە و
دەستکاری هەموو شوێنێکم کە
بمئاڵێنە لە تەونی شیتاڵ شیتاڵی عەنکەبووتێکی نێرەوە و
لەم مەسکەنە بێ مەئوایە ، لەم وڵاتی بێ یاسایە
بمکە بە لەشفرۆشێکی گەڕۆک
بە نێو بەڕدا،
بەنێو مێژووی کوێر و کەڕدا
بەنێو دەستووری بێفەڕدا،



تەهجیرم کە و بمنووسەوە و
بمخە نێو ریوایەتێکی،
سەعدی ئیبن وەقاسەوە
بەبرسێتی فڕێم دە بەردەم قرزاڵێکی چاوقۆقزی،
شەرواڵ لەپێی
نەجمە بەشان
با بە روونی وێنەم بگرێ و بمخاتە دەنگوباسەوە
دایکەنە جەلابیبی حەیام داکەنە و
جیامکەرەوە لە توێژی خۆت
لەنێوان من و خانزادەکانی شاردا
دیواربەندێک دروست بکە
برسیم کە و عیززەتم بکوژە
تا ئابڕووم عەفونەت ئەکا و
لەگەڵ تۆدا سەودا بە فەزیلەتمەوە ئەکەم و
هەموو شتێکم ئەخەمە ئەو بازاڕەوە
کە تۆ خوددەی سەری شەهیدی تیا ئەفرۆشی و
منیش لەشم
تۆ لیبادی خاکی تیا هەڕاج ئەکەی و منیش چێژ
تۆ وێنە ئەگری و من ئەدوێم
تۆ دادگایی ئەکەیت و منیش دان
بە عەفوونەتی هەردووکمان، لەم سەودا و بازاڕەدا ئەنێم
جیامکەرەوە لە خانزادەکانی شار
بمکە بە ژمارەیەکی تری کوژراوەکان
بمخەرە نێو
ئەژماری ئامارەکانی
راپۆرتی هەشتی مارسەوە

***

دایکەنە جەلابیبی حەیام داکەنە
ئەم پەیوەندیە 80 ملیۆن ساڵە بەردەوامە ،
کە لە نێوان ژن و سروشتدا
سووری ژیان بە رووتبوونەوەی ژنەکان دەستپێبکات
رووتبوونەوە بۆ جووتبوون
رووتبوونەوە بۆ مناڵبوون
رووتبوونەوە بۆ بۆشایی، تا فێرئەبێ
چۆن لەگەڵ باڵەخانە هەڵواسراوەکاندا
باوەش بەیەکتردا بکەن
رووتبوونەوە بۆ درەختە کشاوەکان
تا فێری باوەشکردن بە سنگی دیوارا ئەبن
رووتبوونەوە بۆ ئاژەڵە خشۆکەکان
تا فێر ئەبن ، چۆن باوەش بەخۆڵدا ئەکەن
رووتبوونەوە بۆ وەرزەکان
تافێرئەبن
کە پووزی ژنێک بە رووتی بەر هەوا کەوت،
عەورەتی ئاو رەقکاتەوە
کە پرچی ژنێک کرا بە لیبادی راخراوی سەرزەوی،
گۆلاوەکان پڕکا لە درەختی قامیش
دایکەنە جەلابیبی حەیام داکەنە
کە من بە دوو سەردەمی رووتیدا رەت دەبم
دەمی رەیپ و دەمی ویلادەت،
سروشت پڕدەبێ لە جەسارەت و
پەلاماری پایز ئەدا و
تووتەڵەیەک جلی لەبەردا ناهێڵێ

کە خوناوی گەرمم بەر زەوی ئەکەوێ
ژینگە پەلاماری هاوین دەدا و
وەک سەربوردەی ئاستەمی ژنێکی لەشفرۆش
مژێکی تاڵ تاڵی لێ ئەدا
چەند ناهەقییە ئەم پەیوەندیە
ئەم عەفوونەتەی بوون
ئەم شەیتان بازاڕییەی سەوداکردن
هەتا تۆ دووجار جەلابیبی حەیای من دانەکەنی
ئەم سووڕانە بەردەوامییان نەبێ و
ئەم ئیمانە کامڵ نەبێ و
ئەم بوونە بەردەوام نەبێ و
تۆش، نەبی بە پیاو
چەند ناهەقیە !

***

دایکەنە جەلابیبی حەیام ، دووجار داکەنە
جارێ بۆ خۆم و، جارەکەی تر
بۆ هەموو ئەو ژنانەی کە وەک
شەهد و دوعا و نادیە و نارین
بە تاوانباریان ئەزانی
وەرە وەک رەوە کولەی جەیشی ولایەت
زۆرە دەسگرتەم کە و بمکە بە لەشفرۆش
بمخە بازاڕەوە و نمایشم کە
بمکە بە کەنیزەک و دەستاوەدەستم پێبکە
لەدوای تێربوونی خۆت
لە فیگەری کچەکەمدا
بمدەرەوە بە کوڕەکەت
بمفرۆشە بە قەرەوڵەکانی ئاسایشی نیشتمان
بمکە بە رۆژەڤی لەبیربردنەوەی قەیرانەکانی پیاوەتیت
نەک هەر من خۆم
لەسەر پشتی ساوا شیرەخۆرەکەی نێو باوەشیشم
بنووسە لەقیت
کچەکەم بکە بە زانیە
بە میسیار بیبە بۆ سەرۆک
بیکە بە غەنیمەی والیت
دایکەنە
جەلابیبی حەیام
داکەنە !

***

1/3/2018
هۆڵەندا

پێشکەشە بە هەموو ئەو ژنانەی زوڵمی ستەمی کۆمەڵایەتی و ناعەدالەتی دەسەڵاتی سیاسیی دەیانکات بە لەشفرۆش. پێشکەشە بەو ژنانەی کە لە گرتە ڤیدۆییەکەی فەزاحەتەکەی هەولێردا دووبارە کرانەوە بە قوربانی. پێشکەشە بە هەموو ئەو ژنانەی کە لە کۆمەڵگەکانی بەشەریەتدا دەستدرێژییان کراوەتە سەر. پێشکەشە بەو ژنانەی کە کەوتنە بەردەستی داعش و کران بە کەنیزەک.

**رەیپ :** دەستدرێژیی سێکسی
**بەرزەق:** پەرداخ
**جەلابیب:** بریتییە لەو پەردەیەی کە لە قورئاندا ئەمری پێکراوە بە محەممەدی پێغەمبەری ئیسلام بۆ ئەوەی ژنەکانی لە پشتی ئەو پەردەیەوە قسە لەگەڵ پیاوانی نامەحرەم بکەن. دواتر ئەو جەلابیبە لە شێوەی حیجابی ژندا کورت کرایەوە و ئێستا کۆمەڵگە ئیسلامییەکان فەرزی دەکەن بەسەر ژندا کە بیپۆشن. جەلابیب زاراوەیەکی ناو قورئانە. من لێرە بە مانای پەردەی حەیا بەکارمهێناوە.
**لیستۆک:** بووکەڵەی بچووکی مەدالیای کلیل .
مانگیلەی بە پیت: بە هیلالی شیعی دەگوترێ (مانگیلەی بە پیت) ئێستا رۆژەڤی دەسەڵاتدارانی ئێرانە بۆ دەستگرتن و بڵاوکردنەوەی هەژموونی دەسەڵاتی شیعەگەرایی خۆیان بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.
**ماشەر:** کاتێ کە خوری بە تەشی دەرێسرا. پاشان دوو تەشی پڕ پێکەوە هەڵدەکرانەوە و بادەدرانەوە و ئەوجار ئافرەت لە چۆک «ئەژنۆ»ی خۆی وەردینا و دەیکردە ماشەر "کلافەبەن".
**مائۆییەکان – نیشتمانی هەورە راکشاوەکان:** نیوزیلاند دوایین وشکانی جیهانە کە مرۆڤ پێی لەسەر داناوە و پۆلنزییەکان/هۆزێکن لە دوورگەکانی ئۆقیانووسی هێمن دەژین/ لە ساڵی 1250 بۆ یەکەمجارچوونە ناو ئەو دوورگەیەوە کە بەدرێژایی 80 ملیۆن ساڵە لە وشکانییەکانی تری جیهان جیابووەتەوە و یەکەمجار مائۆییەکان ناویان ناوە "ئائوتاروا" ، واتا نیشتیمانی هەورە راکشاوەکان و کەوتووەتە باشووری رۆژئاوای دەریای هێمن و باشووری رۆژهەڵاتی ئوسترالیا.
**فالۆس:** ئەندامی نێرینەی پیاو. بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی فێمینیزم بۆ نیشاندانی هێزو ئیرادەی پیاوانە و زاڵکردنی بەسەر ژندا بەکاری دەهێنێت.
**بەڕدا:** مەبەست لێی وشکانیە، واتە بەڕ
**تەبەڕوج :** وشەیەکە لە قورئاندا هاتووە، مەبەست لێی شوێنە بەرزەکانی لەشی ئافرەتە، وەکو سمت، مەمک، قژ کاتێک ئەکرێ بە تۆپەڵ. بەدوو شێوە بەکاردەبرێ ئەم وشەیە، ئەگەر بە (التبرج) بەکاربێت، ئەوە بەمانای خۆڕازاندنەوە و خۆدەرخستنە بۆ پیاوی نامەحرەم. (تبرج) کە من لێرەدا بەکارمهێناوە، بەمانای بەرزایی بەکاردێت.